بەکارهێنان و باسکردنی فانۆس لە شیعرو ئەدەب دا، دەلالەتەکانی فرە واتان جگە لە ئامرازی گەیاندنی رووناکی، ئەواپێناسەیەکی قوتریشی هەیە، بەیە لە(ریتمی نەستالیژیا) ی ئەم کتێبەدا جگە لەبیرەوەریەکانیەابردوو، ئاماژەدانیشە بە کەلتوورەکی پارێزراوی نەتەوەیی کەنگە بەشک لە نەوەی ئەم سەردەمەنزانن فانۆس چییەو چۆنۆ بە چی بەکارهاتوە؟ بەڵام(سەلام عومەر) لە کورتترین پەیام دا گەورەترین و درژترین مانای قوڵی کوشتن دەخاتەوو.
هەروەکلە(شیعری: فانۆس- لاپەڕە ۱۳۷) دەڵێت:
دایکم فانۆسکی هەبوو
کارەبا کوشتی.

ئەو شاکارانەی شاکار نین!.. سەدیق سەعید رەواندزی

خوێنەری کورد، چونکە دەرفەتی ئەوەی بە نەخساوە بە زمانی کوردی بەشکی زۆری بەرهەمە جیهانییەکان بخوێنێتەوە، ئیدی گەلەك شیعر و چیرۆك و ڕۆمانی، بە ناوی شاکار پێ دەناسێندرێن و کاتێکیش ئەو بە ناو شاکارانە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و بە زمانی خۆی دەیخوێنێتەوە، تە دەگات ئەمانە نەك هەر شاکار نین، بەڵکو ناگونجاو دامەزێنی تێکستی نووسەرێکی ئاسایی کوردیش، نەك نووسەرێکی دیار. لەو سەنگەیەوە ڕۆمانی (ڕووکی) هان کانگ، یەکێکە لەو بە ناو شاکارانەی لە سەر ئاستی دنیا و لە نوێیشیاندا ئەدەبی کوردی، وەك ڕۆمانێکی ناوازە و داهێنرانە ناسراوە و سایی ئابردووش نووسەری ئەم ڕۆمانە، نەبەی لە ئەدەب وەرگرت. ڕۆمانی ڕووکی، کە گوایا شاکارێکی ئەدەبی گەورەیە، باس لە ژنێکی کێری دەکات، کە شوەك خوێنك دەبینێت و ئیدی دوای ئەم خوونە، بەیار دەدات ببێتە ڕووك خەر و چیتر گشت نەخوات. ئەم بەیارەی، کاردانەوەیکی گەورەی خەزانی و کەمڵایەتی لە دەکەوێتەوە و هەمووان بە هاوسەر و خزانەکشیەوە، داوای لە دەکەن کە لەو بەیارەی پاشگز بێتەوە، بەڵام ئەو هەر سوور دەبێت بەوەی کە ببێتە ڕووك خەر، تا سەرەنجام دایك و باوکی لەی دەترێن و هاوسەرەکشی لەی جیا دەبێتەوە و

خەشی، تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەبێت و دەست لەگەڵ مەردی خوشکەکەی تێکەڵ دەکات و بەردەوام سێکسی لەگەڵ دەکات و دواجاریش دەخرێتە ژێر چاودێری دەروونی و دەبرێتە نەخۆشخانەی دەروونی. واتا کەی هەوداوەکانی ئێمە نەمانە، ئەوەیە کە باسم کرد. بەگومان گەر لە هەوی تەماوە بەوانینە ئەو نەمانە، ئەوا دەبینین شتێکی نوێ و داهێنرانەی تێدا نییە، تا شایانی ئەوە بێت وەک شاکارێکی گەورەی جیهانی بناسێنرێت. هەموومان دەزانین، گەلانی باشووری هەژمۆنیا بەگشتی، هەوەک خەرن، خواردنی سەرکیان بەربوومی هووکی و بوونەوەری ئاوی و سەوزە و میوەیە و لە هەوی تەمەن و ژیانەوە، ژیانێکی تەندروست دەژین، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە خەیان گەشت کەمتر دەخەن بەراورد بە بەروبوومی هووکی، لەبەرەوەش تەمای ئێمە نەمانە شتێکی نوێ نییە، چونکە کەریەکان خەیان هووکین، ئیدی هەنگدانەوەی ئێمە بابەتە و بە تەماکردنی لە نەمانکدا و پاشان نیشاندانی وەک نەمانکی گەورەی جیهانی، ئایا هیچ داهێنانێکی تێدایە؟! بەگومان نەخێر، بەڵکو بابەتێکەی زێر ئاسایی و گشتی و کەمایەتیشە، ئەمە لەلایەکی دیبکەوە، یە داخەوە ئێمە نەمانە بە زمانکی یەکجار بازاڕییانە وەرگێڕاوە و لە دەیان شوێنی نەمانکە باسی دەیان دیمەنی بە مانای سێکسی، بە زمانکی ئاست نزم و نا هونەری دەکات، کە ئەمە وەک هەزڵ لە خوێنەرانی هەژای هەوڵێر، نموونەمان لەم وشانە نەهێنایەوە ! ئێم جارە زمانە، بە هیچ شێوەیەک زمانی وەرگێڕان و نووسین نییە، بگرە لە نێو شەقامیش بەو شێوە بە هەتووشە، زمان بەکارناهێنرێت، چ جای ئەوەی لە دنیای نووسیندا ! بە ناو وەرگێڕی ئێمە نەمانە، جیاوازی لە نێوان زمان لە هەوی کەمایەتی و زمان لە هەوی هونەری وەرگێڕانەوە نەکردووە، بەیە هاتووە بە زمانکی بازاڕییانەی ئاست نزم، نەمانکەی وەرگێڕاوە، کە دەتوانم بڵێم بە سەدان پڵە، لە خوار زمانە میللییەکەشە، چونکە نەچاوی هیچ جارە هونەرکارییەکی زمانەوانی و کەمایەتی لە نەمانکە نەکردووە، لە کاتێکدا تەنانەت لە نێوەندە جەماوەریی و کەمایەتییەکشدا، کەسانێک بە ئاشکرا ناوی عەورەتکانی ژن و پیاو، بەو شێوە میللی و بازاڕییە ناهێنن. بەگومان ئێمە دەزانین، لە وەرگێڕاندا نابە دەستکاری دەق بکرێت، بەڵام دەکرێ تێکستێکە، لەگەڵ زمانی بە وەرگێڕاو بگونجێنرێت، چونکە هەر نەتەوەیەک، خاوەنی کولتوور و داب و نەریتی کەمایەتی خەیتی و هەنگ وەرگێڕانکە لە هووی هەندی کەمایەتی و پەروەردەیەوە، دوور بێت لە کولتووری کەمایەتی کەمگە. ئێمە ئاهاتووین، هەمیشە نزمترین بەرهەمی ئەدەبی جیهانی، وەک شاکارێکی داهێنرانە ببینین و بەرهەمی نووسەرانی کوردمان پێ

لە پەراوێزی بەرهەمی نووسەرە بیانییەکان لە هووی شیعر و چیەك و هەمانەوە بێت، لە کاتێکدا توانای داهێنەرانەی نووسەری کورد لە بواری نووسینی ئەدەب و هەماندا، ئەگەر لە نووسەرێکی ئینگلیز و تورك و کەری زیاتر نەبێت کەمتر نییە. تا ئێو هەمانەم نەخوێندبووەوە، وامەزانی وەك خوێنەرەك، بەبێش بووم لە خوێندنەوەی شاکارێکی گەورەی جیهانی، کەچی کاتێ هەمانەکەم خوێندەوە، ئێوسات زانیم ئەم هەمانە، لە هووی بابەت و هووداوەوە، هەروەها گەڕانەوەش هەمانەکی زۆر ئاسایی و سادەیە و گەر کوردەك هەمانەکی لەم شێوەیە بنووسێت، بەداخەوە هەنگێ گاڵتەشی پێ بکەن و هیچ دەزگایەك نەبێت بەشی چاپ بکات ! ئەمە وا هاتووین کە پیسایی دوورمان پێ دەرمان بێت، بەیە ئێوەندەی بە ناو شاکارێ بیانییەکان وەردەگەڕێنە سەرزمانی کوردی و دەزگاکانی چاپیش لە پێناو پارێ ئامادەن چاپی بکەن، ئێوەندێ گرنگی بە بەرهەمی نووسەرانی خەمان نادەین. وا هەککەوت، بە دوای ئەم بە ناو هەمانێ جیهانییە، هەمانی (گڕەوەی چاوکانی ئەم) ی (ئەحلام مەنسوورم) خوێندەوە، زۆر بە هاشکاویی و بەو پەڕی بەواوە دڵەم، هەمانەکەی ئەحلام، سەدان جار هونەریتر، فەلسەفیتر، پێ ماناتر و داهێنەرانەترە، لەو هەمانەی هان کانگ، چونکێ ئێوەندێ پرس و بابەتی فەلسەفی و هزریی و سیاسی و کەمەایەتی تێدایە و گومان و پرسیار لای خوێنەر دروست دەکات. من دەزانم، هەنگێ خوێنەرانەك هەبن سەیریان بەو بەچوونەی من بێت، بەهام وەهامی من بێ ئێوان ئێوەیە، بچن هەردوو هەمانەکێ بەدوای یەکتریدا بخوێننەوە، ئەو کات بزانم تێگەیشتنەکی دیکەیان دەبێت یان نا؟!

• پەراوێز: هووکی، هەمان، نووسینی: هان کانگ، وەرگەڕانی: هێژار عوسمان، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنوس _ 2016.

*ئەم بابەتە لە هەژنامەی هەولێر ژمارە (4354) لە 30/7/2025 بڵاوکراوەتەوە.

سەبارەت بە بەیاری بەسمیکردنی بە ناو "عەبای زینەبی" لە بەغداد، داهاتوو خراپتر دەبێت!.. شیرین عەبدوڵا

لە هەنگاوێکی کۆنەپەرستانەی نوێدا بەرامبەر بە ژنانی عێراق، کۆمەڵەیەکی بەرپەرچدانەوەیی کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی پارێزگاری بەغدا ڕۆژی سێشەممە (٣)ی حوزەیران (٢٠٢٥) بڕیاریدا شتێک بە ناو "عەبای زەینەبی" وەک جلوبەرگی ڕەسمی لە پایتەختی عێراق پەسەند بکات.
ئەم بڕیارەش لە بڕیاننامەیەکی (هودا جەلیل ئەلعبود) دا هاتووە کە سەرۆکی (لیژنەی ژینگە) یەی لە ئەنجومەنی پارێزگا سەربەخۆکانی هاوپەیمانی دەوڵەتی نیشتیمانی.
لەو نامەیەدا (هودا) ئاماژەی بەوە داوە کە ئەمە "بە ئامانجی پتەوکردنی ڕەمز و کەرامەت و حەیا، بەتایبەت لەناو هەڵگرانی تاقیکردنەوەدا، پاش ئەوەی داواکارێک بە دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی عەبای زینەبی وەک جلوبەرگی فەرمی پێشکەش کرابوو"، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی هەندێک لە مامۆستایان ڕەگریان لە خوێندکارە کچەکان کردووە لە پێشینەی عەبا لە هەڵگرانی تاقیکردنەوەدا لە ترسی قەپیەکردن (غەش).
وێنە و ڤیدیۆ و نموونەی ئەم عەبایە بڵاوبۆتەوە کە گوایە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر بەکارهاتووە. جێگای سەرسوڕمانە کە مێژوونووسانی سوننە و شیعە لەسەر زۆرێک لە ووردەکارییەکانی ئەو سەردەمە مێژوویی ناکۆکن، لەوانەش بڕواری لەدایک بوون و مردنی زۆر لە کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە، یان تەنانەت شوێنی ناشتنیان، کەواتە چۆن توانیان بەم ووردییە ئەم پێشاکە تایبەتە بناسێنن؟ ئەمەش ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە کە وروژاندنی ئەم پرسە لەم قۆناغەدا پاڵنەری سیاسی پەیوەندیدار بە ئەمەوی لەپشتەوەیە، نەک مێژووی ڕابووردوو؟ بە تایبەتی بەڵەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە عێراق بڕۆ هەڵبژاردن دەوات!
ئەم بڕیارە بە ڕەکەوت و لەخۆیەوە نەهاتووە. دەسەڵاتی میلیشیاکان و سیستەمی پیاوسالاری ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتدار لە عێراقدا زیاتر لە دوو دەیە، لە پاش دەسەڵات گرتندەستیان لە (٢٠٠٣)وە، لە

هەوڵدان بۆ هەموو جۆرە ڕەگەزپەرستییەک، بۆ سەپاندنی دواکەوتوویی و پاشکۆکشە بەسەر کۆمەڵگا و سیستەمی هەموو شوێنوارێکی پێشکەوتنخوازی.
هەر لە هەوڵە دووبارەکانیانەوە بگرە بۆ چەسپاندنی یاسای جێعفری تا ئێم دوایانە لە (٢١)ی کانوونی دووەمی (٢٠٢٥)دا هەموارکردنەبەدناوەکەی یاسای باری کەسی (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)یان پەسەندکرد، ئامانجیش لە ڕەگەزی ڕەکەوتنەکی سەقەتی یەسوا لەنێوان "پەکهاتە" سەرکیبەکانی پەرلەمان (سوننە و شیعە و کورد). هەروەها پەسەندکردنی بەناو (یاسای ڕەکخستنی ناوچەکی دیجیتاڵی)، لە (١٤)ی شوباتی (٢٠٢٣)دا بۆ دەمکوتکردنی دەنگی ناڕازی و پتەوکردنی ئیستبداد و گۆشەگیرکردنی هەر دەنگێک کە ڕەخنە لە دەسەاڵتە گەندەڵەکەیان بگرێت، ئەمە جگە لە خراکردنەوەی هەنگاوەکانیان بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی بۆ ئیسلامیکردنی یاساکانی تایبەت بە ژنان و دووبارەکردنەوەی ئەزمونی ئێرانی لە عێراق، کە بۆ یاسای خەزان لە عێراق ناسراوە.
لەپەناو داسەپاندنی ئەم جۆرە گەڕانکارییە کۆنەپەرستانەدا، پەنا دەبەنە بەر دەربەینی بەتاڵ و بە ناوەڕۆک، لە چەشنی "ڕێز و کەرامەت و حەیا" وەک پێوەری وەهمی بۆ زاڵکردنی باڵادەستییان و کۆنترۆڵکردنی خواستە ڕزگاریخوازییەکانی ژنان و ژێردەستەیی هەمیشەییان، و بەم جۆرە، کۆمەڵگا و نەوە یەک لە دوا یەکەکانیش ملکەچ بکەن، لە کاتێکدا خەیان بەردەوامن لە گەندەڵی و تاڵانکردن و سەرکوت و کوشتنی خەپیشاندەران و دزینی موچەکان و برسیکردنی جەماوەر و لەناوبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک ئاو و کارەبا و خانوو بەرە لە ڕەگەزی سیاسەتە نیۆلیبراڵیەکانیانەوە، کە ملیۆنەها کەسی خستەتە بەردەم نەخۆشی و ئاوارەبوون و دەربەدەری چ بەهاوین لە پلەی گەرمی سەختی سەروو (٥٠) دەرەجە و چ بە سەرمای زستانی عێراق.
باس لە "ڕێز و کەرامەت و حەیا" دەکەن لە کاتێکدا خەیان هەمیشە خەریکی زیندووکردنەوەی هەموو ئەو شتانەن کە ڕێز و کەرامەتی ژنان پێشێل دەکات، وەک بە یاساییکردنی هاوسەرگیری کچانی منداڵ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، و بەبەشکردنیان لە مافەکانیان لە میرات وسەرپەرشتی منداڵ و جیابوونەوە، ئەمە جگە لە پاساوەکانیان بۆ هاوسەرگیری کاتی و چەندین داهێنانی تاوانکارانەی دیکە کە دەکەوێتە قاڵبی دەستدرێژی سێکسیەوە. پاشان داوای "حەیا" لە ژنان دەکەن تا دونیابن لە ملکەچکردنیان و قبووڵکردنییان بە دەندایەتی کۆنتڕۆڵی پیاوسالاری.
ڕەنگە ئەم بیارە شتێک لە گاڵتەجاڕی پووچ دیار بێت؛ هەتا

تاقیکردنەوە چ پەیوەندیەکی بە "ڕێز و کەرامەت و حەیا" وە هەیە؟..
و لەهەمان کاتدا سەرچاوەی تووڕەییشە، چونکە ڕێنگە وا لە هەندێک خەزان بکات بسڕەمنەوە لە ناردنی کچەکانیان بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن مەگەر بە پشینی جاری پسوڵەندکراوی عەباوە نەبێت، نەوەک تەماتبارکرێن بە کەمی "ڕێز و کەرامەت و حەیا".
هەر ئەمشە مەبەستی ئەم جارە یاسایانەیە، کە سڕپاندنی ئاستەنگی و سنووردارکردنی خوێندنی ژنان و لەکەدار کردنی ناوبانگی دامەزراوەی پەروەردەیی و لەقەڵەمدانیانەوەک شوێنێک کە ئاسایشی تێدا نییە بۆ ژنان، بۆ مەبەستی ئاسانکاری بۆ داسڕپاندنی شتی خراپتر.
١١ی تەممووزی ٢٠٢

بۆچی بەدوای شعردا چیرۆک و ڕۆمان؟.. سەلام عومەر

تەواوی ژانرە ئەدەبیەکان گرنگە بخوێنرێتەوە، چونکە هەموویان سوودبەخشن و لە بواڕەکانی خەیاندا چڕۆت دەدەنە، خوێندنەوە بگشتی پێت دەکا لە زانیاری و ڕۆشنبیری گشتیت فراوان دەکا، ئگەر جاران شیعر پانتاییەکی بەرفراوانی لانەو خوێنەران داگیر کردبوو، چونکە ببووە چەکی تەکەشان و لە پاییشیدا تەواوی ژانرەکانی دی لە خەیدا کەکردبوو، ئەوە چیرۆکەکانی بەرئاگردان و حیکایەتەکانی شەوانەی باپیرانمان بەس بوون تا شەوانە لانەو خەیاڵدا بنووین، وەلە لەهەمان کاتدا ئەوسا شیعر پێشەوایەتی شکۆش و سەردەمی وتاری سیاسەکانی کوردستان بوو، بتایبەتیش کە زەرینەی هەرە زەری خوێندەوارەکانی حوجرە و قوتابخانەکان لەگەڵی شیعرەوە پانتاییەکانی ئەدەبی شگۆیان ناساند، زەرینەی هەرە زەری سیاسی و سەرکردەکانی نیشتمان شیعریان کردبوو دروشمی پارتەکانیان، لە هەگبەی هەرتەکەشارێکی نیشتماندا چەندین دیوانە شیعر هەبوو، لە رادیەو ڕاگەیاندنەکانیاندا هەر بشیعر دەستی پێدەکردو بە ئیرقیبیش کەتایی دەهات.
ئەوکاتانە شیعر لانەو دیوەخان و شەوانی بەر ئاگردان و تەنانەت زمانی منداڵکانی پێدەپژا، هەر لە لایلایەی دایك و تا پەندو

ئیدیەمە کوردیەکان، ئاخر ئەوکاتانە شیعر باری زۆر گرانبوو جگە لەلایەنی شێوگۆیەکەی داستان و بەیت و چیرۆك و چامەی پەدەنووسرایەوە، هەکارەکەی نەبوونی چیرۆك نووس و رۆمان نووس بوو، ئەو توانایە نەبوو تا لەجیاتی شیعر بشوازێکی دی پەیامەکان بگەیەنن بەیە زۆرینەی نووسەران پەنایان بە شیعر دەبرد و لەوەو گیانی شێوگۆیی و تواناکانی خەیان دەسەلماند، هەبەتە گەیشتنیشی ئاسانتربوو و زووتریش خوێنەر و گوێگر ئەزبەری دەکرد، ئەو جگە لەوەی سەد ساڵك لەمەو بەر خوێندەواری کەم بوو و زۆرینەش بەزمانی داگیرکەرەکان دەیاننووسی ئێستا کە نووسەری چیرۆك و رۆمان زۆرە و هەروا وەرگێڕانیش شاکارەکانی نووسەرە جیهانیەکانیان بە کردوینە کوردی، بەتایبەتیش بەزمانێکی سادەتر دەنووسرێ، خوێنەری خوێندنەوەی رۆمان زۆر بوو بەتاسەوە بەدوایدا دەگەڕێن، رۆمان چ دیرۆکی بەت یان خەیاڵ خوێنەر دەباتە جیهانێکی دی و لەگەڵ کارەکتەرەکاندا دەژی دەچێتە نەو رووداوەکان و چۆژ لە سەرکەوتنی پاڵەوانەکە وەردەگرێت و بەگلانیشی دەتەنگ دەبەست، خە ئەگەر رۆمانەکە دیرۆکی بەت و پشت بەخەیاڵ ببەستێ ئەو رابردوو وەبیر خوێنەر دێنێتەوە و پەی دەبێ تە لەوەو هاتووی، ئەویش دەچێتەوە دواوەو لەگەڵ کەوتن و هەستانەوەکاندا لەگەڵ سادەیی ژیانی رابردوودا دەچێتە نەو خەیاڵ و چۆژ لەم گۆڕانەوە دەبینێت و زۆر جاران ئەگەر رۆمانەکە کاریگەر بەت و بەزمانێکی جوان داڕژرابەت ئەو خوێنەر حەزدەکات رۆمانەکە درێژ ببێتەوە.

دوای خوێندنەوەی هەر رۆمانێك خوێنەر لە زۆر بواردا سوود دەبینێت جگە لە چۆژ زانیاری لەسەر رابردوو یان خەیاڵ و رستەی جوان و وشە فراوانتر دەبەت، دەتوانێ لە پەند و ئیدیەمەکانی نەو رۆمانەکەدا سوود وەرگرێ لە ژیانی رۆژانەیدا رەنگدانەوەی هەبێ، بەجۆرێك لە نەو کەبوونەوەو گفتوگۆکاندا خەی بناسێنێ و فێری وشەسازی و دەوڵەمەند بوون لە قسەکردندا بەت، لەرێوەیە رۆمان خوێندنەوە ئەو دەرفەتەت بە دەخسێنێ کە بتوانی لەنەو کەمگادا جیاواز دەرکەوی یان جیاواز بیر بکەیەوەو نووسەرانی باش و خراپیش لێك جیا بکەیەوە.

لەبیرمان نەچی رۆمانە دیرۆکیەکان کە بەکەمکی خەیاڵ نووسراون ئاوێنەی رابردوومانن و لەنەو وێنەکانی رۆماندا نمایش دەکرێن، بەجۆرێك ئەمە رادەکێشێنە نەو خەیاڵەوەو ناچاری بەردەوامیمان دەکێن لەسەر خوێندنەوەی ئەو جۆرە رۆمانانەو مانەوەمان لەنەو دنیای کتێبدا.

لەرێوە دوای تێربوون لە شیعر رۆمان و چیرۆك خوێنەریان بەلای خەیاندا راکێشا، ئەوە بەومانایە نایەت شیعر بەهای خۆی

لەدەستدابێ، هەشتا ئەو ژنانەی ئەدەبیێ کەپێ لە ئیدیەم و بەزمانەکی جیا دەنووسرێ خوێنەری خۆی هەیە، هەن لەنێو ئەو دنیایەدا نەبێ پشوو نادەن.

ئەی تورکیا لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا!.. عوسمانی حاجی مارف

زیاتر لە دە ساڵە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا گرژی قووڵی بەخۆیەوە بینیوە، لەهەمانکاتدا چەندین سەدە قەناغی دوژمنایەتی ئاشکرا، یان کێبڕکێی لەگەڵ ئێراندا هەبووە، بەم پێیەش لەئێستادا لە بەرژەوەندی هیچ کام لە ئیسرائیل و ئێران هەڵوەستی نەگرتووە. لە شێوەی ئەم دواییەی هەردوو وڵاتدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەنقەرە لایەنگری ئەوەیە نفوزی ئەتەمی ئێران سنووردار بکرێت، لەلایەکی تریشەوە نیگەرانی سەرسەختی بادەستی سەربازی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا و ترسی هەیە لە دەرئەنجامی ئەگەرەکانی دامەزانی کەماری ئیسلامی لەژێر گوشاری ئەمریکاو ئیسرائیلدا.
لە سەردەمی ئەردەغانەوە، ئێران و تورکیا لە سوریا خەریکی ململانێیەکی درێژخایەنی بە وەکالەت بون، تاران پشتیوانی لە ژەمی ئەسەد دەکرد و ئەنقەرە بەتەنگ پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بوو، بەڵام ئەمە دوو جیاوازە هیچ گەڕانکاری و کاریگەریەکی لە بیرکردنەوەی ستراتیژیان لە تەواوی ناوچەکە نەکردووە، وەک دوو زلهێزی ئیقلیمی و یەکسان لە دژایەتدا و یەکسان لە هاوسەنگیدا مامەڵەی یەکتریان کردووە، بەوهێواوە خۆیان لە دوژمنایەتی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرن.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هاوسەنگیە مێژوویە و هەبوونی هەردولایان بە دەخالەتیان لە ناوچەکە، بیرکەی بونی ئێران بە هەڕەشەی ئەتەمی لای تورکیا، هەڕەشەی سورو مەترسیداربووە. ئەگەر تاران سوودەکی لەو شۆڕیە بەدەست بهێنێت، ئەوا بە شۆڕیەکی کاریگەر ئێران هاوسەنگی هێزی سە سەدە لە بەرامبەر تورکیا کەتایی پێدەهێنێت. بۆیە ئەنقەرە بەشۆڕیەکی گشتی پشتیوانی لەو هەوشوێنانە کردووە کە ئامانجیان

□□گریکردنە لە بە ئەتەم بونی ئێران.
ئێران و تورکیا هەرلایەکیان پەیوەست بە سیاسەت و بەرژەوەندیان لە ناوچەکەدا بە شێوازی جیاواز دژایەتی ئیسرائیلیان کردووە.
ئەوەی جێگای سەرنجە پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیل لە سەردەمی ئەردۆغاندا بە شێوەیەکی بەرچاو تێکچوو، ئەو سیاسەتەی تورکیا روبەدەرەوە پەیڕەوی دەکرد، پشتکردنە ئەورووپای ناوەندی و دەستهەڵگرتن لە یەکێتی ئەورپا و هەوکردنە □□ژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ئەتوانین بڵێین لەم پرسەی ئاوەزان بونێی بە ناوچەکەوە، لە هەمان کاتدا وەک هەکابەرێکی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل لە ناوچەی □□ژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی ناوە.
هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەردۆغان بە میواندارێکردنی شاندێکی تاقمی تیرۆریستی حەماس گەرژی و ئاڵۆزیەکانی لە بەرامبەر ئیسرائیل هەڵگیرساند. کاتێک هەژموونی ئیسرائیل هەرشیان کردە سەر کەشتیەکی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٠دا، کە ئیسرائیل هەوڵی ئەدا شکاندنی گەمارۆی کەرتی غەززە لە ژێر کۆنترۆڵی حەماسدا دەربهێنێت، هەشت هاووڵاتی تورکیا و دوو هاووڵاتی ئەمریکی کوژران. بە دوایدا پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیل بە تەواوی داما، هەروەها بەردەوامی دەسەڵاتی ناتانیاهۆ، بەوەی پەرچەکرداری بەرامبەر دەخالەتی تورکیا لە ناوچەکە نیشان ئەدا، تێکچوونی پەیوەندیەکانی خەراتر کرد، □ق و کینەی قووڵ و وەستانەویان بەرامبەر یەکتر، کەنەوانی ناتانیاهۆ و ئەردۆغان گەشت بەوەی گەیاندنەوەی پەیوەندیە هەمیشەیەکان نزیک کردەوە لە مەحاڵ. هاوکات ئیسرائیل کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ هەسەدە دامەزراند، ئەم هەنگاوەی ئیسرائیل وەک بەشکەی لەوەڕامدانەوە بە پەیوەندیەکانی ئەنقەرە بوو لەگەڵ حەماسدا.
□ووداوەکانی دوو ساڵی □ابردوو زیاتر پەیوەندی نێوان تورکیا و ئیسرائیلی ئاڵۆزترکرد، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی □ابردووەدا تورکیا یارمەتی هەژی میلیشیای ئەحمەد شەرعی دا و گەیاندنی بە □ووخاندنی ئەسەد، بەمەش دیمەشق کەوتە دەست گروپە ئەپەزیسیۆنە میلیشیاکان بە سەرکایەتی هەیئەت تەحریر شام، ئەم هەنگاوەش داڕژرانی سیاسەتی ئیسرائیلی توڕە کرد و هەندەکیان بەو ئەنجامە گەیشتن کە تورکیا یەکە لە کابەری سەرسەختی □□ی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی دوای □وخانی ئەسەد و دەخالەتی □استەوخۆ و بەردەوامی تورکیا لە سوریا ئەم حاڵەتی بارگرژی و ململانێیە هەردووڵای بەرجەستەکردووە.
لەهەمانکاتدا بە ئەنقەڕەش هەمان هەستی پەرچەکردار لەبەرامبەر □□ی ئیسرائیل راگەیەندرا، کە هەژە سەربازیەکانی ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ وە نیشانی داوە هەر لە وەرانکردنی

سەرکردایەتی و ژێرخانی حەماس و حزبوللا تا بە ئامانجکردنی فەرماندە باڵاکانی سەربازی ئێران و کۆنترۆلکردنی تەواوی ئاسمانی ناوچەکە، ئامانجی دەکاتە ئاوی ئیسرائیل جەمسەرگیری مەترسیدارە و جێگای هیچ متمانەیەک نیە لە بەرامبەر تورکیاشدا.
هەرچەندە ئەنقەرە دژایەتی هەر هەنگاوێکی تری سەربازی ئیسرائیل لە دژی ئێران دەکات و نیگەرانە لەهەر کردارێکی سەربازی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، بەڵام هێشتا پەدەچێت زیاتر پشتیوانی لە ڕووشوێنە ناسەربازیەکانی ئەمریکا بکات کە بە ئامانجی کۆتاییهێنانی تەماحە ئەتۆمیەکانی تاران، بە یەکجارەکی و بە هەمیشە، لەوانەش تەنها لەبەی دانوسان وتووێژ و گوشاری ئابووری و سزای زیاترەوە، نەک بەردەمان و هەرشی سەربازی، بەیە ئاگەر ترامپ پابەند بێت بە ڕێبازی دیپلۆماسی و فشار بخاتە سەر ئیسرائیل بۆ ئاوی هەمان کار بکات، ئاوا ئاگەری هاوپەیمانیەک لە نێوان تورکیا و ئیسرائیلدا پەیدا دەبێت.
بەڵام لەو حاڵەتشدا بە واشنتۆن ئاوە گرنگە کە متمانەی ئاوی هەبێت تورکیا دەتوانێت یان تەواو قەبووڵی بکات، بچێتە ناو سنوری بازنەی سیاسەت و بڕژوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دەخێکی ئارام بە دەوری باڵادەستی و سەرمایەگوزاری بە ئەمریکا لە ناوچەکەدا پەیدابکەن، لایەنگران دنیایی ئاوە بدەن کە لە ئاگەری پەرسەندنی سەربازیدا خەیان بە دوور بگرن.
تورکیا لە ئێستادا نزیکەی چوار ملیۆن پەنابەری لەخۆ گرتووە کە زۆربەیان خەڵکی سوریا و وڵاتانی ناسەقامگیرن و باش دەزانێت کە هەڕەشانی سەربازی لەگەڵ ئێران دەتوانێت ببێتە هۆی لێشاوی زیاتری پەنابەران. هەرچەندە زۆربەی ناوەندە گەورەکانی دانیشتوانی ئێران بە سۆدان میل لە سنووری تورکیاوە دوورن، بەڵام زۆرێک لەو هاووڵاتیانەی کە لە ماوەی دەیان ساڵدا لە کەناری ئیسلامی هەڵاتوون، تورکیایان وەک پەناگەیەکی پەسەندکراوی خەیان هەڵبژاردووە، وەک ڕێگەیەک بۆ ئاوروپا و ئەمریکا، کە دەخی دوای ڕوخانی کەماری ئیسلامی دەخێکی وەها نالەبار پێشبینی دەکرێت، بە ملیۆن ئێرانی ڕووبکەنە تورکیا.
هەروەها ئاوەش کە زیاتر جێگای نیگەرانی ئەنکارایە ئاو لایەنە ئۆپۆزسیۆنانەی ئێرانە کە لەهەمانکاتدا دژی حکومەتی تورکیان، داماننی ژمەی ئێران بقەزنەوە لە پلاندانانی هەرشی سنووربەزانن بە سەر تورکیا، وەک پێکهاتنی هەزی میلیشیای ئیسلامی و لایەنگرانی پەکەکە بە تەکدانی ئاسایشی تورکیا بە بەکارهێنانی خاکی ئێران.
ئێردۆغان زۆر سوپاسی ترەمپ دەکات، کە سزاکانی سەر سوریای هەیئەتساردووە و ئەحمەد شەرع لە لیستی تیرۆر دەرهاتووە، ئەمەش

دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ سەقامگیرکردنی سنوورە دوور و درێژکانی لە باشوری تورکیا، جگە لەوەش بەیارمەتی کانی ترەمپ و هەوڵستە ئاگەیندراوەکان سەبارەت بە نەوخانی ژێم تا ئادیەک لەگەڵ هێزی سووری ئێردۆغان سەبارەت بە ووخانی دەوڵەتی ئێران یەکدەگرنەوە، بەیەپەدچێت ئێردوغان زیاتر هاوتەریب بێت لەگەڵ پلانە دیپلۆماسیەکانی ئیدارەی ترەمپ بۆرامبەر ئێران.
ئەوەش شاراوە نیە کە ئێردۆغان سوکایەتی بە حکومەتی نەتانیاهۆ دەکات و زۆرجار قسەی تونند لە دژی ئەپڕاسیۆنە سەربازیەکانی ئیسرائیل بەکاردەهێنێت. لەم دواییانەدا ناتانیاهۆی بە "گەورەترین بۆربەست لەبۆردەم ئاشتی ناوچەکە" وەسف کرد و هێرشەکەوتی ئیسرائیلی بۆ "باندەکی ئاشکرا" بۆراورد کرد.
دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و ئێران هاوکاری پرسەی دیپلۆماسی دەکات، کە لەم بارەیەوە بگشتی دەخی ناوچەکە و چاوەوانی لایەنکان بەستراوەتەوە بەو دانوستانەی کە دەبێت ئەمریکاو ئێران ئەنجامی بدەن، کە تائستا لەوبارەیەوە کاتێکی گونجاو دیاری نەکراوە، هەر بەیەدەخەکە بگشتی بە هێواسراوی و ناڕۆشنی ماوەتە، تا باسکردن لە ئگەری ئەوە هەیە شێکە بوبداتەوە.
لە هەمانکاتدا چاوەاون دەکرێت ئەمریکا تەواوی پرسکانی ئێران بخاتە نەو وتووژێ ستراتیژیە دوو قۆیەکانی لەگەڵ تورکیادا، تا بە ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا جێخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئامانج لەی ووخاندنی ژێمی ئێران نیە، بەڵکو فشارخستنەسەریەتی بە ئەوەی لاواز بێت، دواجار واز لە تەماحە ئەتەمیەکانی بهێنێت، دژئەنجامێک کە بەرپرسانی تورکیاش پشتیوانی لەدەکەن، هەروەها ئەمریکا هەوئەدات ئیسرائیلیش پابەند بکات بەو ئەنجامگیریەی کە ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا ڕێکەوتە.
کەماری ئیسلامی ئێران، هیچکات وەک ئێستا لە پگەیەکی وەها لاوازدا نەبووە، دوبارە بونەوەی لەدانی یەک لە دوای یەک دەتوانێت بەرەو لەواری داماندا بەرێت. لەم سیناریۆیەدا تورکیا دەرفەتێک لەدەست ئەدات بۆ دەستبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی ئگەر ئیسرائیل شەڕی ئاسمانی خۆی نوێ بکاتەوە، مەترسی هاوشێوەی دوانزە ڕۆژی شەڕەکە زیاتر دروست دەبێتەوە.
لە هەر حاڵەتێکدا، گەر واشنتۆن پشت بە پەیوەندی ئاستوخۆی نێوان تورکیا و ئیسرائیل ببەستێت تا گرژیەکانی هەر دوولایان پەڕ نەسێنن، بە تورکیا ئەوە کارسازترە ئیدارەی ترەمپ کار لە سەر بەهێزکردنی هێوە بەرفراوانکانی بە دروستکردنی متمانە لە نێوان ئیسرائیل و تورکیا بەرجەستەکاتەوە. بە کۆکردنەوەو ڕێکەوتنی

هەردوولا بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر چالاکیە سنووربەزێنەکانی ئێنقەرە لە باکور و باشووری سوریا، کە سەرچاوەیەکی دیکەی گرژی هەردوولایەنە.
ئەردۆغان هەوڵەدات بە بەدەنگی ململانێکان وەک شێوەی ١٢ ڕۆژەی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بقۆزێتەوە، هەم بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئێنقەرە لە ناوچەکەدا و هەم بۆ سەرقاڵکردنی لە پرسە ناوخۆییەکان.
تورکیا هێکشانی سەربازی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بە دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی گرنگی دیپلۆماسی خۆی دەزانێت، ئەردۆغان ویستوێتی لە ئیستانبوڵ میوانداری وتووێژی ئاستوخۆی نێوان بەرپرسانی باڵای ئەمریکا و ئێران بکات، بەڵام ئەو هەوڵانە شکستی هێنا، جگە لەوەش بۆ گشتی دەخەکە بۆ جۆرێک ئاڵۆزی و بارگرژی پێوە دیارە، واپەدەچێت لە ئێستادا هێرەوی هێوداوەکان لە چاوەڕوانی دانوستانی ئەمریکا و ئێراندایە!.

عوسمانی حاجی مارف

لۆبارەی ئەزموونی یوسف عیزەدینەوە.. بڕند باجەکان

ئەمان و چیرۆکەکانی یوسف عیزەدین، بە جیهانە ناوکییە قووڵ و پڕ لە ناسنامە و گەنجینەکەیان، مەرگێکی بەپیتن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەوانگەی دوو فەلسەفەی جیاوازەوە کە یەکێکیان ڕیشاڵەکانی لە قووڵایی ڕەحی مرۆڤ دەدزێتەوە، ئەوی تریان لە سەرچاوەی گومان و عەقڵدا. ئەم دوو هەوانگەیە، واتە فەلسەفەی خودانەناسی و فەلسەفەی خودناسیی دیکارت، وەک دوو ئاوێنەی جیاواز کار دەکەن بۆ تیشک خستنە سەر ئەو جیهانە دوورەماندەی یوسف عیزەدین بنیاتی ناوە.

کارەکتەرەکانی یوسف عیزەدین زەرجار وەک گەیدەیەکی ڕەحی دەردەکەون. ئەوان لەناو نائومێدی و دابڕان و گەڕان بەدوای ڕەگ و ڕیشە و مانای بوونداد دەژین. ئەم گەڕانە، کە ڕەنگە لە سەرەتادا وەک گومانێکی جیهانی یان ناسنامەیی دەربکەوێت، لە قووڵاییدا

دەکرێت وەک حەزی نادیاری ڕۆح بە نزیکبوونەوە لە حەقیقەتی باڵا لێکبدرێتەوە. عیرفان پێی وایە خودناسی بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو هاوناکییە خودایییەی لە قووڵایی هەموو مرۆڤێکدا هەیە؛ ئەو کاتەی کە کارەکتەرەکانی عیزەدین هەست بە تەنیاییەکی قوول دەکەن یان لێناو بیرکردنەوەی بە کەتای خۆیاندا نوقم دەبن، لە ڕاستیدا لە گەشتێکی بە کەتان بەرەو حەقیقەتی خۆیان، گەشتێک کە تێیدا سنووری "من"ی بچووک دەتوێنەوە و بەرەو "من"ێکی گەورەتر، کە هەنگێ جیهان یان بوونی گەردوونی بێت، دەچن. ئەم دەخە پێ لە گیان و حەسرەتە، زەرجار لێناو چیرۆکەکانی یوسف عیزەدیندا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە ناسنامەی کارەکتەرەکان لە ژێر کاریگەریی مەژوو، نیشتمان یان چارەنووسی گشتیدا تێکەڵ دەبن، ئەمەش جیاکارەوەی ئەزموونی یوسف عیزەدینە لە چیرۆکنووسەکانی تری وەکو (کاروان کاکەسوور، عەتا محەمەد و توانا ئەمین)

لەلایەکی دیکەوە، فەلسەفەی خودناسیی دیکارت، بە دروشمە بەناوبانگەکەی "من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم"، بناغەی بوونی مرۆڤ لە بیرکردنەوەدا دەبینێتەوە. دیکارت داوای گومانێکی بنەڕەتی دەکات لە هەموو شتێکدا بە گەیشتن بە ڕاستییەکی نەگۆ و دڵنیا. کارەکتەرەکانی یوسف عیزەدین زەرجار نموونەی هاوونی ئەم گومانە و گەڕانە عەقڵانییەن. ئەوان لێناو بیرکردنەوەی بە وەستاندا دێنە، پرسیار لە بوونی خۆیان، لە ناسنامەیان، لە مانای ژیان و چارەنووسیان دەکەن. لێنەو نووسەرە گەنجەکان، لە چیرۆکەکانی (ئارام محەمەد) و (جگەر بەختیار) زەرجار هەست بەم دنیایە دەکەین. ئەم گومانە عەقڵانییە، کە دەڕاوکێیەکی فیکریی قووڵ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، وەک ئامرازێک کار دەکات بە لەدان لە بنچینەی تێگەیشتنەکانیان لە جیهان و لە خود.

جیابوونەوەی جەستە و ڕۆح (دووانەیی دیکارتی)، یان بەمانایەکی تر، ململانێی نێوان پێداویستییە مادییەکان و بیرکردنەوەی قووڵی عەقڵانی، زەرجار لە ژیانی کارەکتەرەکانیدا هێنگ دەداتەوە. ئەوان لێناو جیهانێکی ماددیدا دەژین کە زەرجار تووندوتیژ و پڕ لە ناداڵپەروەرییە، بەڵام بیر و هۆشیان سەربەخۆیە و بەردەوام پرسیاری بوون و ناسنامە دەکات.

هەرچەندە عیرفان و فەلسەفەی دیکارت دوو ڕێچکەی جیاوازن بە خودناسی (یەکێکیان زیاتر ڕۆحی و هەستەکی، ئەوی تریان عەقڵانی و لۆژیکی)، بەڵام لە کارەکانی یوسف عیزەدیندا دەکرێت بەیەکەوە بن و تەواوکەری یەکتر بن. گومانی دیکارتی دەگەڕێت خشبکات بە

گۆڤاری عیرفانی قووتر، یان بۆ پێچەوانەوە، ئەو حەسرەتە ڕەحیمیەی عیرفان قووڵاییەکی فیکریی دیکارتی بۆ کارەکتەرەکان دەبەخشێت. کارەکتەرەکانی یوسف عیزەدین لە دۆخێکی نەوانیدا دەژین؛ گومان دەکەن و بیر دەکەنەوە و دەیانەوێت بۆ عەقڵ بگەڕێنەوە بۆ ڕاستی، لە هەمان کاتدا هەست بە تەنیاییەکی ڕەحی قووڵ دەکەن و بەدوای نزیکبوونەوە لە حەقیقەتی باڵا دەگەڕێن کە لە دەروونی سنورەکانی عەقڵ بەرتە. ئەم تێکەڵاویە کارەکانی یوسف عیزەدین دەکاتە گۆڕەپانێکی فیکریی دوورماند، کە تێیدا خودناسی وەک گێشتێکی هەمە لایەنە و بە کۆتا دەردەکەوێت، گێشتێک کە هەم ڕەچەڵەکی عەقڵ و هەم ڕەچەڵەکی ڕەح دەگرێتەبەر بۆ دەزینەوەی حەقیقەتی مرۆڤ لە بوونداد.

سەرنج: عیرفانم وەکو فەرهەنگی باڵای خودناسی باسکردووە نەک وەکو ئەو دنیا خورافییەی تەسەوف لە ئێستادا وێنای دەکا.

ڕەخنە لە عەقڵی دیماگۆجی و چەواشەکاری.. یاسین لەتیف

ئەگەر سەرنجێکی خێرا بدەینە ماس میدیای کوردی و تەرکەمەپایەتیەکان و پێچ و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ، بۆ تایبەتی فۆگەرو کارەکتەرەکانی نێو ئەو ڕاگەیاندنە بۆ حیزبی و بۆ ناو ئەهلیەوە لەو ماوە زەمەنیەی کەوا مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینانی تەدا ڕاگیرا ئەمەندە درەو هەواڵی ناڕاست و چەواشەکاریان بۆ دەکردەوە وێنەی نەبووە لە مژوودا ، دەستەکە دیارو ئاشکرایە تەنها ئامانجیان بۆ ئازاردان و داوخانی باری سایکۆلۆژی تاکی کورد بوو ، بۆ ڕوشاندنی کەرامەت و هەیبەتی ئینسانی کورد بوو ، بۆ زەلیل کردن و سەر لەشێوانی ئینسانی کورد بوو تا زیاتر دەسەڵاتی دسپوتیزمی خێڵەکی زاڵ بێت بۆ سەر کەمەگادا ، ئەم فەرمە لە میدیای چەواشەکاری مەدلەکە وا خەریکە دەبێتە کولتوری میدیای سەردەم لە دونیادا، چونکە سیستەمی سیاسی بۆ تەرویجدان و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆی و کردنی بە ئامری واقیع وەکو ئایدۆلۆژیایەک جگە لە هێزی پۆلیسی و داپڵاسین پێویستی بە پیشەسازی میدیای چەواشەکاریە بۆ ئەوەی

درکانی لای ەەعیەت بکاتە ەاست و قەناعەتیان پێ بکات و لێژیکی(درێ بکە ، درێ بکە تا باوەەت پێ دەکەن) بسەپێنن .
لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەرگیز لە هیچ سەردەمێکدا ماس میدیاو تەەە کەمەەایەتیەکان وەکو فەرمێکی نوێی پیشەسازی میدیایی کە هاتوونەتە نێو گەمەکەوە بە قەد ئەم سەردەمە سەرچاوەی بڕاو کردنەوەی درێ و چەواشە کردن و هەواڵی ناەاست نەبوون . ەاستێ هەندێک جار تەەە کەمەەایەتیەکان سەرچاوەی گرنگ و باوەە پێکراو بوون بە بڕاو کردنەوەی وێنەو قیدیۆی ەوداوەکان و وروژاندن و دروست کردنی ەای گشتی بەرامبەر ەوداوەکان ، بەەام لە دوای پشکوتنی تەکنەلێژیای کەمیکایشن و گەشەکردنی کایێی زانستی گیاندن و هاتنی زیرەکی دەست کرد بە نێو گەەەپانەکەو دونیای کەمیکایشن هێدی هێدی خەریکە متمانەو باوەە کردن بە گواستەوەی ئەو قیدیانەش لە دەست دەدرێت و دەبنە بەشێکی سەرەکی بە چەواشەکاری ، چونکە دەتوانرێت بە زیرەکی دەست کرد قیدیۆگەلێک دروست بکرێت درێ بکەن بە ەاست و ەاستیش بکرێت بە درێ . لەرەدا ئەوەمان بە دەر دەکەوێت ئەمە لە سەردەمێکی پووچ و جەواشەکاریدا دەژین و ئەو تەزەمان لا گەاەە دەبێت کە درەو ەاست تەکەەاوکراون و مرۆڤ ناتوانێت لە یەکیان جیا بکاتەوە بەو مانایەی ((هەمووە درێیک حەقیقەتەو هەمووە حەقیقەتێکیش درێیە)) ئەمە ئەو سەردەمە پووچێیە کە پێی دەەەن ئەنتی بەها جوانەکان، کە هەموو بەها جوانەکانی وەکو ەاستی ، دادوەری، متمانە ، ئازادی ، ەەحی هاوکاری ، لێکتێکەیشتن و یەک تر قبوڵ کردن ، بەرژەوەندی گشتی ، تەقدیس نەکردن و ..... هتد لە ناو چوون .پرسیارەکە ئەمەیە بە قەناغی کەمەەگای مرۆڤایەتی لەم سەردەمی گەشە کردنی زانستیدا گەیشتە ئەم سەردەمە هیچ وپووچە ؟ لەم سەردەمی گەشە کردنی تەکنەلێژیای زانستی دیجیتاڵی دەکرا مرۆڤ و بەهای مرۆڤایەتی لە ئەوپەڕی بەختەوەری و ئاسودەیدا بوایەت نەک لە ەەزاڵەت و کوێرەوەریدا بژیت ؟ بە دونیای ئەمە وای لێهات و گەیشتینە ئەم قەناغە هیچو پووچە کە هەموو شتێکی جوان بە پلان و سیسماتیک نا شیرین دەکرێت ؟ ، بە وەامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەگەینە ئەم دەرئەنجامە، ئەمرە سەرمایەداری حوکمی دونیا دەکات و نەخشەی سیاسی و ئابووری دونیا ئەو دایدەەژێت کە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی و پاوانخوازی و چەواشەکردن بە ەەوە دەەوات بە مەبەستی زیاترکردنی قەەەمەەوی سیاسی و ئابووری خەیان و هەەپەی ئەوپەیانە زیاتر قازانج بکەن و خەەکیش لە خشتە بەرن ، کەواتە سەردەم سەردەمێکی پووچ و تافەە زۆنالیزمی سەرمایەداری کە شادەماری سەرەکی ەاگردنی ئەم قەناغە هیچ و پوچێیە پەویستی بە کەسانێکی هیچ و پووچ و درۆزن وبە مەراە و تافەە بە ئەوەی پتر خەەک چەواشە بکەن و کولتوری گەمژەیی بڕاو بکەنەوە ، چونکە زاە

بوونی کولتووری گەمژەیی لە سەر بیرو تێگەیشتنی ئینسانەکان کاردانەوەی دەبێت لە سەر زەر بوونی ژمارەی هیچ و پووچ و کێلەکان و بە زیاد بوونی ئەو ژمارەیەش لە مرۆڤی خۆشک و ناشنا خۆشکەیان بردەوام دەبێت بە تاڵانکاری . ئەمە دەستاتی خۆکی و بنەماڵەیی لە کوردستانیش بۆشکی دانەبڕاوە لە نەخشەی سیاسی و ئابووری دونیا ، بۆیە ماس میدیاکۆشی بۆشکن لە درێژە پێدەری هەمان خووش لە تەقدیس کردن و بە کارزما کردنی سیاسی خۆکی و نەخوێندەوار و هیچ لە بارنەبوو دەکارن بە لێ کردنی ئاستێکان وپێردەپێش کردنی دزی و گەندەڵی و تاڵانکارێکانیان ، هەروەهاخرێکی پیشەسازی چەواشەکاری و لە خشتە بردن و بە نرخ کردنی ئینسانی ئەمەن. دەبێت ئەو ئاستێش بزانن بە دروست کردنی فەزایەکی لەو چەشنەش پەویستی بە میدیایەکی دیماگۆجیانە و کارکتەری میدیای پووچ و تافە هەیە لە چەشنی (هەوراز گوپی و ، خانج سەنگاوی و ، شاهە ئەمین و ، سێیوان سەوکانی و ، سەنگەر عەبدالرحمان ..... هتد) بە بەاو کردنەوەی درەو هەواڵی ناراست و لە خشتە بردنی ئینسانەکان.

یاسین لەتیف

تورکیا لە نێوان دەوڵەتی قوم و فیدراڵیزمدا.. لوقمان مستەفا

دەوڵەتی قوم و فیدراڵیزم دوو چەمکن وەك هەر چەمکێکیتر شیکردنەوەو پێناسەی هەمە جۆر هەڵدەگرێت، هەرچەندە چەمکی "دەوڵەتی قووم" چەمکێکی نوێیە بەناو کاریگەری گەورەی دروستکردووە لە بیاردان و بڕیاردانی دەسەاتداری لە پشتی پەردەوە، ئەم چەمکە لە هەندە دەوڵەتاندا ئاماژەیە بە تەو دامەزراوەیەکی زلهێز کە لە پشت پەردەوە سیاستە سیاسی و ئابووریەکانی دەوڵەتکە بەناوە دەبات. دەستەواژەی دەوڵەتی قوم بە یەکەمجار لە تورکیا لە سانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو سەری هەڵدا، ئەوەش بە دەربڕین لە تەی ئەو گرووپ و ئیفسەرانی سەربازی هات کە پاراستنی عەلمانیەتی دەوڵەتی تورکیایان لە دوای دامەزراندنی لەسەر دەستی مستەفا کەمال

ئەتاتورك گرتە ئەستۆ ، بە جەنگ لەدژی هەر بزاوت و هزر و حزب و حکوومەتێك کە هەڕەشە لە پرەنسیپەکانی عەلمانیەتی دەوڵەتی تورکیا بکات، ئەوەش یەکەم ناساندن و دەرکەوتنی چەمکی دەوڵەتی قولایی بووکە لە ئەستادا دەوڵەت باخچەلی ڕۆگەزپەرست لەپشتی پەردەوە نوێنرایەتی و سەبەری حوکمداری ئەم چەمکە دەکات.
کەچی حکومەتەکەی جەنابی ئەردۆگان زۆر ڕوون قایمانە لە پەنای دەوڵەتە قوڵەکەی باخچەلیەوە لە ژێر لووتەوە بە چەواشە کردنی ڕای گشتی باسی دیمەکراسی و ئاشتی و پەکەوە ژیان دەکات ناڕاستەو خۆ و بە ناوهێنان باس لە فیدراڵی دەکات.!!
وەك ئاشکرایە چەمکی فیدراڵیزم جارەکە لە جارەکانی دەسەڵاتداری کە دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دەستووری لە نێوان حکوومەتێکی ناوەندی لەگەڵ یەکەی حکوومەتی بچووکتردا دابەش دەبن کە یان حکوومەتێکی دیکەی فیدراڵی یاخود هەرێم و ناوچەیەکە، هەردوو ئاستی حکومەت پشت بەیەك دەبەستن و سەروەری لەدەوڵەتدا هاوبەشن.
ئالەڕەداو لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا سەرەك کە ماری تورکیا یاریەکی سیاسی دەڕاو دەکات، بە چەواشەکردنی ڕای گشتی لە مینبەرە گومراکەی لەمەڕ خیانەوە ئەنفالەت و دەڕەت سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچووە و دەبەت هەموومان وەك ئەوروپا بە ئاشتی پەکەوە بژین، بەڵێ باشە فەرموو ئەوا ئەرز و ئەوا گەز ، بە قبووکردنی فیدرالیزم لە وڵاتەکەی خۆتدا دەست پێبکە، وەك ئەوروپا دەیکات.!!
قارداش گیان ئێستا سەردەم سەرەمی نەزمی نوێیە کەس بەو هەڵیت و پێیتەی ئەوە هەڵناخەڵەتە،جەنابی سوڵتان ئەوە باش دەزانن کەلە ئەوروپا چەندین وڵاتی بەهێز ڕۆگەیان بە ناوچە جیاوازەکان داوە خیان بەڵەوە ببەن:
شانشینی یەکگرتوو سکۆتلەندا، وەلز و ئیرلەندای باکووری هەیە.
ئیسپانیا کەتەلانیا و وڵاتی باسکی هەیە.
ئەڵمانیا لە ویلایەتی فیدرالی (Lander) پێکهاتووە کە حکوومەتی تایبەت بە خۆیان هەیە.
بەلجیکا هەرەمی جیاوازی هەیە بە کەمەگە جیاوازەکان.
کەواتە بەچی دژی خەبەڵووبڕی کوردیت ئۆگەر پشتگیری سیستەمی مەدەرن دەکەیت .!! ئۆگەر تە هەرەمی کوردستان و مافەکانی قبوڵ نەکەیت و لەهەمانکاتدا باس لە ئاشتی و دەموکراسی بکەیت ئەوا ڕاستگۆ نیت و چەواشەکاریت، تە دژی بیرکەی فیدرالیزم نیت، تە تەنها دژی مافە ڕەواکانی کوردیت.

بە پێش هەبژاردن دژایەتی کورد هەواجی هەیە؟.. سامانی وەستا بەکر

ئەبە وە گرنگە تاکی زۆر بەهۆشیاریەوە ئەو بزانێ کە ئەمەی کورد گەمەی دەست و کات بەسەربردنی چوار "دەوڵەت-نەتەوە"ین، ئەبە بزانین کە ئەمە هاونیشتمانی هیچ یەکە لەو چوار دەوڵەتە داگیرکەری کوردستانین و بەهاونیشتمانی هیچ شوێنکە تریش قبوڵ ناکرێین، ئەگەرچی لە هەندە لە وڵاتانی ڕۆژئاواش لە لیستی هاونیشتمانی بوونیانا تەمارکراوین.

ئەمە داماڕاوین لەبوونی خەمان وەک کیانێکی سەربەخۆ "مستقل". لەمڕووی کۆنا کراوین بەکاڵای تاقیکردنەوەی شمشێرو هەکان، لە سەد ساڵی ڕابردووشا تا ئێستاش تاقیگەیەکین بۆ تاقیکردنەوەی چەکی کەمەکوژە کیمیایی و باڵیجیەکان.

ئەمە بەبەرین لەخاک و نیشتمان و خاوەندارێتی، لەسەر خاکی خەمان ئاژین و باجی ژیانکردنمان لێئەسێنن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کەی ڕۆشنبیران و پاشان یەکەی یەکەی تاکی کورد بەورییەوە مامەبکەن لەگەڵ ئەوەی کە ئەمە چواردەوردراوین بە چوار "دەوڵەت-نەتەوە" و لەسەر بنچینەی ئەو ڕاستیە کارو سیاسەت بڕەو پێشبڕن، بەواتای ئەوەی خودی نەتەوە سەردەستە جیاوازە داگیکەرەکانی کوردستان دوژمنمانن نەک تەنها سیاسیەکانیان و حکومەتەکانیان.
ئەبە ئەوەش باشتر تێبگەین کە ئەو دەوڵەتانە پێناسەی سەز و هەست و خواستی ئەو نەتەوانەن، نەوەک وەک ئەوەی بە ساویلکەی خەمان لەلایەن زۆرێک ڕۆشنبیر و سیاسی و زۆرێکی تاکی کوردەوە باسی لەوە ئەکرێ، کە گوایە ئەوە حیزبێک یان چەند حیزبێکی سیاسی یان کەمێک ڕێکخراوێکی تۆندهاوژی دیارکراون کە دژایەتی خواستی ئاوات دەرینەکەی تاکی کوردن لە سەربەخۆی و خودموختاری.

ئەبوو لەوەش تێگەشتبین کە ئەوە زۆرینەی تاکی نەتەوەکان غەیرە کوردەکانن لەناو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانا کە دوژمنی کورد و

خواستەکانین، ئەو ئەوانن ئەو سیاسیانە هەڵبژێرن کە زۆرترین دژایەتی و کین و ڕقیان بەرامبەر کورد هەبێ، حکومەت و سیاسیەکانیش خواستی نەتەوەکانیان جێبەجێ ئەکەن، بە نمونە بەشکی پارت و سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەی لەسەر خاک و زەدی کورد دەوڵەت نەتەوەیەکیان بەخەیان دروست کردووە، پێش هەڵبژاردنەکان ئەکەونە دژایەتی کورد و کوردستان بەشێوازی جیاواز جیاواز وەک سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و بگرە تا بەکارهێنانی تووندوتیژیش بۆ ڕازی کردن و تێرکردنی حەزی دەمارگیری بەرامبەر کورد و لەو ڕێیەشەوە بۆ کەکردنەوەی زۆرترین دەنگ، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەوە زۆرینەی تاکی پەکهەنەری ئەونەتەوانن دوژمن و نەیاری کوردن نەک تەنها سیاسیەکانیان.

گرنگە تاکی کورد بگەشتی، سیاسی و ڕۆشبیرەکان بەتایبەتی باش لەوە تێبگەن کە؛ دەوڵەت هیچی نەتەوەی سەردەستە و نابێ تاکی کورد بە دروشمی باق و بریقی هاوشێوەی "برایەتی کورد و عەرەب- تورک- فارس" هەڵخەڵەتێ.
گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکانی کوردستان، کۆچی بەڵەشاوی ئەو نەتەوانە بۆ ناوچە کورد نشینەکان، ناچارکردنی کورد لەلایەن هێزەشە و پاساوی سیاسی و یاسایی و گواهیدەری ئەوان کە هەرگیز شتێک نەبووە و نابێ بەناوی برایەتی کورد و هیچ یەکە لەو نەتەوانە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها لەهەزرو بیری تاکی کوردایە و بەپێچەوانەشەوە دژایەتی و دوژمنکاری لەلای ئەوان باوەکی چەسپاوە کە لەسەری پەروەردەکراو ڕاهێنراون.

کاتێ لەسەر شەقام و کۆچە و کۆڵانەکانی تورکیا کوردێک لەسەر ئاخاوتن بە زمانی کوردی خۆتانی خۆنەکرێ دەوڵەت بە ئاگایە لەوە، بەڵکو ئەوە تاکی تورکە ئەو کارە ئەکات، لە کەمالییەکانەوە بە ئەردەگان هەرواهاتووە چونکە ئەوە خواستی نەتەوەییە نەک سیاسی.
یان کاتێ کوردێک لە کرماشان لەسەر پێداگیری لە کوردستانی بوونی ئەو شارە سزای لە سێدارەسانی بەسەرا ئەسەپێنرێ، کەسێکی دیکە لەسەر وانە وتنەوە بەزمانی کوردی زیندانی ئەکرێ ئەمە خواستی نەتەوەی سەردەستە و دەوڵەت جێبەجێکارە.
یان کە دژایەتی کوردانی ڕۆژئاوا ئەکرێ، لە زێد و لەسەر خاکی مێژووی دێرینی خەیان نکۆڵی لە بوونیان ئەکرێ و ناسنامەی هاوڵاتی بوونیان پێدەوانابینرێ، ئەوە پەروەردەی شۆڤێنی ناو خێزانەکانیشە نەک سیاسیەکان بەتەنها، بگەڕێوە بۆ ئەو بەعس و ڕژێمەکەی ئەسەد هەشتن کەچی شەرع-جۆلانی درێژەپێدەری هەمان سیاستن و ئامادەنین

دان بەمافی کورد و کوردستانی بوونی ئۆناوچانەیا بنێن.
کاتێ لەسەر گشتپرسی-ێیفراندم، یەکێک لەسەرتایترییەناکانی مافی گەلان، لە ٥١% خاکەکەت بەزەبری هێز لەلایەن شیعە باڵادەستکانەوە داگیرئەکرێتەوە دوای ئازادکرنی ئۆو ناوچانە لە دەستی سونەکان، کاتێکش عەرەبی هاوردە بەپشتی سوپا ئۆچنە سەر زەوی و زاری کوردانی کەرکوک و داگیریئەکێن، ڕەگەری ئەکێن لەچاندنی زەویيەکانیان، ئەوە خواستی تاکی نەتەوەپەرست و فاشی عەرەبە، دەوڵەتیش پشتگیری لە خواستەکانیان ئەکات چونکە هەرخودی سیاسیەکان هەڵبژێراوی ئۆو کەمەگەین و هەموو ئۆو نەتەوانە کەکن لەسەر دژایەتی کردنی کورد و بەردەوامی داگیرکردنی کوردستان.

گەر بگەڕێی لە هیچ کونجێکی جیهانا هێندەی ئۆو سیاسەتە چەوتەی جووت حیزب و ئۆوبەناو ئۆپۆزسیۆنی خاوەن پرۆژەی گەشتیاری، هێزی چەکدار، فەرگەی سەڵەفی و ئیخوانی و فەرگە و بارەگای نهێنی سیخوڕی وڵاتانی هەرەمی لە سی ڕابردووا کردوویانە و تاکی کوردیان لە باشور لەسەر پەروەردە کردووە بە فەتر و دامادەراوتر لە هەستی نەتەوایەتی نادزیتەوە، تا کار گەشتەتە ئۆوەی هێندێک هاوڵاتی کورد لەبرس و لەترسا بەناچاری حوکمی بێگانەی لە کوردی پەخشتربە، ئۆوەش کەشە گەورە و زەنگێکی مەترسیدارە و ئەبە تاکی کوردی لە بەئاگابهێنرێتەوە کە:

بە دژایەتی نا یەکسانی دەسەاتی کوردی ناکرە و نابە دژایەتی دژی کورد و کوردستان بکرە.

تا ئۆوشوێنەی بەتەکرە دژایەتی سیاسیەتی چەوتی دەسەات و ئۆپۆزسیۆنیش بکە، بەتام بە لەناوبردن وبەکردنی گێندەی نابە دژی ڕەوای کورد ئادەستی چارنووسی نادیار و دوژمنانی مێژوویی کورد بکرە.

گرنگە تاکی کورد دەستی نەتەوەکەی خۆی و پارێزیبە، دژی هەر هەوڵێکی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوە سەردەستەکانی داگیرکەری کوردستان بوەستێتەوە.
ئەبە ئۆوەش بزانرە مرۆڤ بە ناسنامەی نەتەوایەتی، بە سەربەخۆی، بە کلتور و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی لەناوئۆچە و لەم جیهانە پە پەپلیست و ئەرستەقراتیەشا مانەوە تەنها بە بەهێزکانە، هەر لەبەر ئۆو هەکارانەش ئەبە تاکی کورد خۆی بە چەکی خۆشویستی خاک، نیشتمان و نەتەوە پێچەک بکات، بمانەوە ئەبە ئاین بکرە بە خەراک و کاڵای سەرکەوتنی نەتەوە و نیشتمان.

سامانی وەستا بەکر

٢٠٢٥-٨-٣ سوید-ستۆکهۆڵم

دوو تاک پەنا.. شیعر\ نەوزاد بەندی

وەرە ناوی دیموکراسیت هەڵگرتبە و خەڵک بەڕن سیر ، تە بەی پیاز
ئەوەی خوا پێی ناخۆشە
پێیان بکەی ..
کار بگاتە بینی
موچە و حەقدەس
هەر بە هەوەس ..
ئەو خەڵکەی کە خۆنی بە داویت..
پشت و پەنات بوو کاتی لەقەوماوییت ..
بە ڕاستی نامەردیت
بە ڕاستی ناپیاویت ..

وەرە ناوی میللەتت هەڵگرتبە و
مافی گەرەکییەکت نەبە
کەڵگەی مریشک لە تە بەختیارتر بە ..
کەچی
هەر بە ملکەچی
ڕایکەشی ..
دە سا ..
بیست سا ..
چل سا ..
بە کار .. بە نان ..بە داهاتوو ..
تەکشکاو .. خەمبار ..
سوکوسەلیم و ماندوو ..
بە دوای شەیتانەوە دەروەشییی ..
هەر سەرانە و سوکایەتیت پێ بکرێ و

هەر ئاخ هەڵکەشی ..

هەردووکتان دوو تاک پەڕاوی
گەڕیەکی سەرخەشن ..
لە دەرخەوە بە دەرخ ئەژن ..
هەردووکتان قەزوەن ..
دوو پەڕ تف ..
دوو پارچە کارتۆن ..
مەنجەڵ و سەرقاپن ..
شیش و کەبابن ..
هەردووکتان پێکەوە ئەربابن ..